# هەڵمەتێک لە پێناوی پاراستنی پاشماوەی بەعارەبکردن لە کەرکوکدا، بە یارمەتی سایتی دەنگەکان

## شاخەوان شۆڕش

گرووپێک لە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەدا بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوک، کە لەنێویاندا خەڵکی شۆڤینی و کۆنە بەعسی هەن، بانگی ڕەتکردنەوەی گێرانەوەی عارەبی هاوردە دەکەن و مەبەستیانە بەشێکی گرنگی ئەوەی پۆلیتیکی بەعارەبکردن و پاکتاو کردوویەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەمجۆرە پلانی بنچینەیی بەعس لە داهاتوودا بپێکن. ئەوە لەژێرناوی گوایە هەڵمەتێکی مرۆڤانە بۆ کەرکوک و پێداویستیەکانی کراوە. مەبەستی ئەو گروپە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوانە دژی چاککردنەوەی بەشێکی بنچینەیی ناڕەوایەتی و خراپەکاریەکانن کە بەرامبەر بە گەلی کورد و شارێکی کوردستان کراوە، هەروەها دژی کوردستانیبوونی شاری کەرکوکن.

سەرەتا دەبێ بگوترێت، لەڕوانگەیەکی کوردستانیانەوە، ئەرتیکلی 140 ڕێککەوتنێکی ناروون و پڕ لە کەموکورییە، لەو ڕێکەوتنەدا گەرەنتی چارەسەری ڕەوا ناکرێت و ئەگەری مەترسیدار هەن. لە ڕێکەوتنەکەدا بواری گەمە هێڵدراوەتەوە و دەکرێ هەنگاو بندرێن وەکو دژ خۆیان پیشان بدەن. بۆنمونەی گەڕاندنەوەی ئارەزوومەندانەی عارەبی هاوردە، بەئەگەری زۆر لە ئەنجامی ئەوەدا هاتووە کە لە ئەرتیکلی 58 دا کە بە ناڕوونی دەڵێ دەبێ ڕێز لە "ویستی" خەڵک بگیرێت. ئەوە یەکێ لەو چەمکانە بوو کە گومانی لێدەکرا و ناڕوون بوو، ئێستا لەو ڕێکەوتنەدا خۆی لە ئارەزوومەندانەیی گەڕانەوەی عارەبە هاوردەکان دۆزیووەتەوە. ئەوەش بەهیچ شێوەیەک واتای گەڕانەوەی هەموو ئەوانە نییە کە پۆلیتیکی ناڕەوای بەعارەبکردن هێنانی و ناڕەوا لەسەر ماڵ و سامان و خاکی کوردا داندران. ئەوانەی عارەبی هاوردەن دەبوایە نائارەزوومەندانە بەگەڕێندرێنەوە، ئەرکی ڕژێمی ئێراقە چییان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە و چۆن مشوری قەرەبووەکە دەخوات. هەروەها ئەو عارەبانەی بە ئارەزووی خۆیان لەو سەردەمەدا هاتوون و بەمجۆرە نیازی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسیان ئارەزوومەندانە جێبەجێکردووە، ئەوانەش بە هەمان شێوە دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی ناڕەوان و نەدەبوایە گەڕانەوەیان بۆ شوێنی کۆنی خۆیان ئەملاوئەولای لەسەر بکرێت.
پرۆسەی بەعارەبکردن و پاکتاوی ناوچە سنوریەکان و کەرکوک بە تایبەتی، پرۆسەیەکی ناڕەوا و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی ئێراقی پانعارەبی بووە، چاککردنەوەی هەموو ئەو ناڕەوایەتیانەی کە پرۆسەی بەعارەبکردن لەگەڵ خۆیدا هێناونی زۆر گرنگە، ئەگەر مەبەست بۆ ئەو ناوچانە و شاری کەرکوک بەتایبەتی دوارۆژێکی ڕۆشن و ئاشتیخوازانەیە. گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە کە بەدەیانساڵە لە سەر ماڵ و خاکی خەڵکدا دانیشتوون، بێگومان بۆ ئەو خەڵکە هاوردەیە ناخۆشە و وەکو ناڕەوا دەبیندرێت، بەڵام ئەگەر ئەوان کەمێ بۆ ڕابردووی نزیک بگەڕێنەوە دەتوانن لە پێویستبوونی گەڕانەوەیان بگەن، لەوەش دەگەن بۆ دەبێ باجی ئەو ناڕەوایەتیە کە خۆیان لێی بەشدار بوون، بدەنەوە. ئەگەر چارەسەری ئەوە نەکرێت و چاوپۆشی لێبکرێت، یا لەژێر ناو و چەمکی "گوایە" مرۆڤدۆستانە و یەکسانیدا پاکانەی بۆ بکرێت، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە لە داهاتوودا لەوێش نەبێ لە شوێنی دیکەدا هەیە، جگەلەوەی هێشتنەوەی بوونی پرۆسەیەکی ناڕەوای مێژوویە. ئەو تێکەڵییە ڕەگەزی و ئێتنیەی ڕژێمی فاشیستی بەعس دروستیکرد، ئەو گۆڕینە دیمۆگرافییەی ئێراقی داگیرکەر کردی، هەمووی ئێستا بوونەتە فاکتەری دیاری نائارامی و نەبوونی ئاسایش لە ناوچەی کەرکوکدا. بۆیە زۆرگرنگە بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش لە ناوچەکەدا، باری دیمۆگرافی و پێکهاتەی ئێتنی ناوچەکە بگەڕێندرێتەوە باری ئاسایی پێش گۆڕانکاریەکان. بوونی پرۆسەیەکی ناڕەوا لە سەردەمێکی مێژوودا و لە ناوچەیەکی هەستیار و کێشەلەسەردا، هەمیشە فاکتەرێکی شاراوەی نیگەرانی و نائارامییە، ئەگەر بتواندرێ ئەو ناڕەوایەتییە چاککرێتەوە و بارێکی ئارادەیەک گونجاوی وەکو پێشوو دروستکرێتەوە، یارمەتیدەرە بۆ جێگیربوونی بەیەکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانە و گونجاو. چونکە لەو بارەدا ئەو خەڵکە نەتەوە جودایە بوونی یەکتر بێکێشە پەسند دەکەن و هەوڵی بەرنامەی کاری بەیەکەوە لە پێناوی ژیانێکی باشتردا دەتوانن بدەن.
سەبارەت بە کوردستانیبوونی کەرکوک سنووری مێژوویی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسل) کە لە لایەن کۆمەڵی گەلانەوە دیارکراوە بە ڕوونی دیارە، کەوا کەرکوک و موسڵیش لەگەڵیدا لەناو ئەو سنورەدان. دەبوایە جەخت لەسەر سەپاندنی ئەو سنورە بکرابایەوە نەک دیوی ناوەوەی سنوری کوردستان. ئەوە هەڵەیەکە سەرکردەکانی کورد لە زووەوە تێیکەوتن. کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەوڵەکان بۆ پارێزگاری خاک و نیشتیمان لەدەستی نەتەوەی باڵادەست و

داگیرکەردا، ئەوپەڕی ڕەوایە و مافێکی سروشتی گەلی کوردە. بۆیە هەڵەیەکی دیکەی کوشندەبوو کە سەرکردەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک لە دەستوری ئێراقیدا پەسندی ئەوەیان کرد، کەوا هاوڵاتیانی ئێراقی دەتوانن لە هەر شارێکی کوردستاندا نیشتەجێبن و ببنە خاوەن سامان و زەوی، ئەوە بۆ کورد کە گەلێکی ژێردەستە و قوربانیی گەلکوژی و بەعارەبکردن بوو و خەباتی لە پێناو پێشگرتن بە لە دەستچوونی خاک بوو، لە پێناو پێشگرتن بە گۆڕینی پێکهاتە و دیمۆگرافیای کوردستان بوو، کە هەستیارە و لە ئێراقدا کەمینەیە، بێگومان زیانبەخشە، ئەوە هێشتنەوەی مەترسیەکانە لەسەر ناسنامە و خاک. ئەوەی دەسەڵاتدارانی کورد لەمبارەیەوە کردیان زیرکی نەبوو، ئەوە لاوازی و نەزانی بوو.

ئێستا ئەو گروپەی بەو هەڵمەتە هەڵساون دەیانەوێ ئەوە بڵێنەوە و بەسەر گەلی کوردیدا بفرۆشن، بەمجۆرە بەسەر کەرکوکدا بیسەپێنن، ئەوە هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو چارەسەرەیە کە ئەرتیکلی 140 نیوەچلانە بۆی دەدات. بەڵام وەکو دیارە ئەو گروپە ئەوەشیان لا پەسند نییە و دەڵێن دەست لە کاری بنچینەیی پانعارەبیستیانەی بەعس کە نیشتەجێکردنی عارەب لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەدا بوو، نابێ هەر بدرێت.

سەیرە سایتی دەنگەکان ئەو هەڵمەتەی لە سایتەکەدا داناوە، هەرچەندە نووسیویانە ئەوە هەڵوێستی سایتی دەنگەکان نییە، بەڵام ئایا دانانی جۆرە هەڵەمەتێکی ئەوها کە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە، گرنگی پێدانی ئەو هەڵمەتە نییە؟ گرنگیپێدانی بیرێکی فاشیستانەی ناسیونالیزمی عەرەبی کە خۆی لە پشتی ئەو هەڵەمەتەدا مەڵاسداوە، نییە؟ بوونی ئەو هەڵمەتە زیانی بە سەدای سایتی دەنگەکان گەیاند و مانەوەی زیانەکە کوشندەتر دەکات.

---

دەقی هەلمەتەکە بە زمانی عارەبی:

**حملة من اجل إنسانية مدينة كركوك وتقرير مصيرها بشكل حضاري**

الدستور قانون اساسي للدولة يمكن ان يشيع الاستقرار والسلام في اي مجتمع ولكنه يمكن ان يكون مصدرا للعنف واللاستقرار في حال وجود مواد غير عادلة فيه. من هنا تأتي اهمية تغيير المواد الباطلة وغير الديمقراطية منه. تشكل بعض مواد الدستور العراقي الحالي نموذجا سيئا للتجاوز على حقوق الانسان الاساسية مثل اقحام الدين في السياسة ا و فرض الامتيازات القومية والدينية والطائفية وغمط حقوق المرأة وكذلك بعض بنود المادة 140. تنص هذه البنود التي يظن واضعوها انها بهذا الشكل وهذا الزمن تؤدي الى تطبيع الحياة في كركوك، على اخراج سكانها من الوافدين الى المدينة ( تحت ذريعة التعريب لكن الحقيقة ان الوافدين جاء معظمهم بسبب الفقر المدقع الذي دفعهم للهجرة لقاء مبلغ من المال او قطعة ارض) واعادتهم الى مناطق نزوحهم الاصلية. يعقب ذلك اجراء احصاء سكاني ينتهي باستفتاء عام في نهاية سنة 2007 لتحديد مايريده السكان من كركوك من حيث الانتماء الى اقليم كردستان الفدرالي او بقاء ضمن الحكم المركزي. مهدت سياسة التعريب العنصرية لنظام صدام الدكتاتوري الأرضية لتأجيج الصراع القومي في مدينة كركوك واعطت المبررات للاحزاب القومية والدينية في استغلال تلك السياسة المقيتة لنشر الأوهام والدعايات حول هوية كركوك القومية.
ان مايريده معظم أهالي كركوك هو تطوير الخدمات الهابطة في المدينة، يريدون الامان وتحسين حال فقراء مدينة الغنى النفطي، ينتظرون تحديث شوارعها المتهرئة، بناء مدارسها ومستشفياتها المتهالكة، تشغيل عاطليها من عشرات الاف الشباب، تنقية بيئتها الكارثية الخ. يدرك معظم الناس كذلك كل الادراك انه لا سياسات التعريب ولا التكريد ولا التتريك تعبر عن سلوكيات حكيمة لحل مشاكل المدينة المتأزمة.

نحن الموقعون :

- نؤكد ان كركوك مدينة للجميع ولاهلها ولسكانها ويجب عدم تحريض سكانها على الانتقال من المدينة بسبب الخلفية القومية او العرقية اوالدينية او غير ذلك اذ يعتبر ذلك فكرة واجراء عنصري يجب ان يحاسب عليها القانون. وعليه يجب ايقاف جميع الإجراءات المتعلقة بتطبيق المادة 140 فوريا من اجل اعادة النظر فيها وتعديلها او الغائها كجزء من عملية مراجعة ديمقراطية كلية للدستور العراقي الذي شرع في اوضاع غير طبيعية.

- نؤيد ونحترم أي إجراء وعملية ديمقراطية تدفع الجماهير في العراق الى ممارسة إرادتها الحرة لاختيار مصيرها السياسي بما فيها

عملية الاستفتاء ولكن الاوضاع الحالية للعراق المتأزمة واجواء الحرب الاهلية وسيادة العنف والارهاب لا تتيح تماما تحقيق اجراء استفتاء عادل وحر. لن تكون نتيجة تطبيق المادة 140 من الدستور الان سوى استفتاء شكلي سيجر اهالي كركوك وعموم جماهير العراق الى حروب قومية كارثية لايعلم احد نطاقها.

• نؤكد ان حق الإقامة والسكن حق مكفول لأي مواطن عراقي في مدينة كركوك وكل مدن العراق الاخرى بغض النظر عن تعريفه القومي او العرقي او الديني بما تكفله نصوص المواثيق الدولية والاعلان العالمي لحقوق الانسان والدستور العراقي .

• نؤكد على ضرورة تقديم التعويض المادي والمعنوي المناسب لساكني المدينة من الاكراد الذين هجروا ورحلوا عنوة وصودرت ممتلكاتهم بسبب سياسة التعريب العنصرية.

• نؤكد على ضرورة تقديم التعويض المادي والمعنوي المناسب لجميع الذين رحلوا بسبب الترهيب والتهديد من اهالي المدينة العرب بعد سقوط النظام البعثي .

• نؤكد على ضرورة تقديم التعويض المادي والمعنوي المناسب لاهالي المدينة من التركمان والكلدواشوريين اللذين تم ترحيلهم ومصادرة أموالهم وممتلكاتهم جراء السياسات القومية المتعصبة .

• ان تلبية هذه المطالب الانسانية يمكن ان تؤدى الى:-
تهيئة اجواء ديمقراطية لاجراء استفتاء حر في مدينة كركوك في ظروف امنية وسياسية مستقرة في المدينة وعموم العراق اذا اقتنعت كل الأطراف المعنية بضرورة الاستفتاء وبعد توفير امكانيات ملائمة متساوية لكل القوى السياسية لتنظيم دعايتها السياسية حول الاستفتاء في اختيار جماهير كركوك مصيرها السياسي وباشراف الامم المتحدة والمراقبين الدوليين.

الموقعون
bgubrail@yahoo.dk
12 / 4 / 2007